السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئ غوام، ناو خودا بهن ب: بسم الله، و بدست استت بخ، ول ش ختو بخ

له عومەری کوڕی ئەبی سەلەمەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: غوڵامێك بووم (غوڵام: واتا کوڕی منداڵ لەنزیک تەمەنی هەرزەکاری) ؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گرنگی بە بەخێوکردنم دەدا، ودەستم دەبرد بۆ هەموو لایەکانی سینی خواردن، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمی فەرموو: «ئەی غوڵام، ناوی خودا بهێنە (بڵێ: بسم الله)، و بەدەستی ڕاستت بخۆ، ولە پێشی خۆتەوە بخۆ». لەو کاتەوە من بەو شێوەیە خواردن دەخۆم.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عومەری کوڕی ئەبی سەلەمە -ڕەزای خوایان لێبێت- کوڕی خێزانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو ؛ ئوم سەلەمە -ڕەزای خوای لێبێت-، کە لەژێر سەرپەرشتیاری وپەروەردەکردنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو، لەکاتی خواردن دەستی دەبرد بۆ هەموو لایەکانی سینی خواردنەکە بۆئەوەی خواردن بۆ خۆی بهێنێت وبیخوات، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فێری کرد کە ئەدەبەکانی خواردن سێ شتە: یەکەم: ووتنی (بسم الله) لەسەرەتای خواردن. دووەم: خواردن بەدەستی ڕاست. سێیەم: خواردن لەلای خۆتەوە ودەست نەبردن بۆ لایەکانی تر.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58120

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee